www.kurdistannet.org

# هاژە

حەمەسەعید حەسەن

گوڵی کراسەکەی بەرت
خوێنی گەشی هاورێ کرێکارەکەمە،
پارچەکانی ئۆتۆمبیلە قەشەنگەکەت
پەنجەی قرتاو
دەستی بڕاو
ئەندامانی تری لەشی هاورێ کرێکارەکەمە.
بناغەی کۆشکە بەرزەکەت
لەسەر لاشەی
هاورێ کرێکارەکانم هەڵچنراوە،
ئەو جۆلانەیەی لە ناویا دێیت و دەچی
هاتوچۆی بە پەلەی خوێن و
ترپەی دڵی کرێکاران
ئاوازەکەیان داناوە.

ئەو شەرابەی
لە پەرداخی کریستاڵدا نۆشی دەکەی
بەری ئارەقە و جواناوی هاورێ کرێکارەکەمە،
پرشنگی ئەو ڕستە مروارییەی بە ناز
لە هەواری گەردنە بێگەردەکەتا
بارگەی ئارامی خستووە،
پریشکی گیانی سووتاوی هاورێ کرێکارەکەمە.
ئاشنایەتیت لەگەڵ ژیانی بێ ئەرکا
ئەنجامی ئەو دۆستایەتییە پتەوەی
نێوانی کرێکاران و ماندووبوونە،
هەر قاقایە لە ناختەوە سەرهەڵدەدا و
بەرەو ئاسمانی ساماڵی بەختەوەریت
دەفڕێ قرچەی سەد دەروونە.

شەوانە کە دەست دەکەیتە
گەردنی خەوێکی قووڵ و بێ خەم دەنووی،
هەر کرێکارە و گوێی کاسی تەقوهوڕی ئامێرە
هەر کارگەرە و بێدارە وەک ئەستێرە.
ئەوە هاژەی چەمی خوڕ و رووبارە؟
یان رەوتی ڕووە و ئامانجی کرێکارە؟

1979